کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بلاوکراوەی راگەیاندن
2013.6.23
هەولێر
بلاکردنەوەی دەستبەجێ

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەست بە پێشکەشکردنی ڤیزەی گەشت و خزمەتگوزاری هاوڵاتیانی ئەمریکی دەکات

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خۆشحاڵە بەڕاگەیاندنی دەستپێکردنی خزمەتگوزاری کونسوڵگەری زیاتر لە ڕێکەوتی 25-6-2013 ەوە. هاوڵاتیانی عێراقی ئێستا دەتوانن لە ڕێی کونسوڵخانەی گشتیەوە داواکاری بۆ چەندین جۆری ڤیزە , جگە لەڤیزەی کۆچ, پێشکەش بکەن بەمەبەستی سەردانکردنی ئەمریکا وەکو ڤیزەی گەشت و, ڤیزەی سەردانی بازرگانی و, ڤیزەی خوێندکارو, ڤیزەی ئالوگۆری خوێنکارو ڤیزەی کاتیی کارکردن. ڤیزەی دیپلۆمات و, رەسمی و کۆچ بەشێوەیەکی بەردەوام تەنها لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد دەدرێت.

چاوپێکەوتنی ڤیزە دەبێت لەرێگەی بەکارهێنانی سیستەمی مەوعید دانانی ئۆنلاینەوە دیاری بکرێت کە بەردەستە لەرێی ماڵپەری کونسوڵخانەی گشتیەوە. چاوپێکەوتن لە بەیانیانی یەک شەممە تاوەکو چوارشەممە لە بەشی کونسوڵگەری کونسوڵخانە ئەنجام دەدرێت. بەهۆی کەمی جێگەوە, بەشی کونسوڵگەری داواکاری بۆ زانیاری ودانانی مەوعیدی ڤیزە بەشێوەی لەدەست وەرگرتن قبوڵ ناکات.

زانیاری لە سەر پرۆسەی پێشکەش کردن بۆ ڤیزەی ئەمریکی, جگە لەڤیزەی کۆچ, وەکو چۆنیەتی مەوعید دانان و, جۆرەکانی ڤیزە و وە چی چاوەروان دەکرێت لە کاتی چاوپێکەوتنی ڤیزە دەتوانرێت لە ڕێی ماڵپەری کونسوڵخانەی گشتیەوە دەست بکەوێت http://erbil.usconsulate.gov/niv.html.
تکایە ئاگاداربە, هەمو داواکایەکانی ڤیزە پێویستە لەرێی ئۆنلاینەوە تەواو بکرێن لەرێی ئەو لینکەوە کە لەسەر ماڵپەری کونسوڵخانەی گشتی بەردەستە. داواکارانی ڤیزە دەبێ وێنەیەکی چاپکراوی داواکاریەکەیان بێنن بۆ کونسوڵخانە لە ڕۆژی چاوپێکەوتنی کەسیان.

کونسوڵخانەی گشتی بەهەمان شێوە خزمەتگوزاری تەواو بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکی پێشکەش دەکات, وەکو پێشکەشکردن بۆ پاسپۆرت و نوێکردنەوەی, ڕاپۆرتی لەدایک بوون لەدەرەوەی وڵات وخزمەتگوزاری بریکارنامە. خزمەتگوزاری هاوڵاتیانی ئەمریکی لەرێگەی مەوعیدەوە لە پاش نیوەڕۆیانی یەک شەممەو دووشەممەو چوارشەممە پێشکەش دەکرێت.
بۆ دانانی مەوعید یان زانیاری زیاتر دەربارەی خزمەتگوزاریە بەردەستەکانی کونسوڵگەری تکایە سەردانی ماڵپەری کونسوڵخانەی گشتی بکەن http://erbil.usconsulate.gov/service.html.
کونسوڵخانە بەردەوام دەبێت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری هاوڵاتیانی ئەمریکی لەدوای کاتی کارکردن بۆ کاتی نائاسایی (فریاکەوتن).

بەشی کونسوڵگەری کۆنسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەوێتە 413, عەشتار, عەنکاوە, هەولێر, عێراق نزیک بنکەی پۆلیسی عەنکاوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کونسوڵخانەی گشتی سەردانی http://erbil.usconsulate.gov/بکەن

###